تەرمی کۆڵبەرێکی شاری کامەران-ی ڕۆژھەڵات کە بەھۆی سەرما ڕەق بەتەوە لەنزیک پێنجوێن دۆزرایەوە



تەرمی کۆڵبەرێکی شاری کامەران-ی ڕۆژھەڵاتی کوردستان کە بەھۆی سەرما ڕەق بەتەوە لەنزیک پێنجوێن دۆزرایەوە.

ڕێکخراوەی کوردپا-ی ڕۆژھەڵاتی کوردستان ڕایگەیاندووە، شەوی پێنجشەممە 30ـی 1ـی 2025، تەرمی کۆڵبەرێک بە ناوی "مەھیار سەفەری" کە بەھۆی سەرمایەوە لەسنووری مەریوان گیانی لەدەستدابوو، لەلایەن خەڵکەوە دۆزرایەوە.

بەگوێرەی ھەواڵی خەجێیەکان، ئەم کۆڵبەرە بەھۆی بەربوونەوە لە بەرزایی بەسەختی بریندار بووە و توانایی جووڵەکردنی نەماوە و بەھۆی سەرمایەوە گیانی لەدەستداوە.

تەرمی ئەم کۆڵبەرە بۆ پزیشکی دادوەریی شاری سلێمانی گوازراوەتەوە و تاکوو ئێستا ڕادەستی بنەماڵەکەی نەکراوە.

بەگوێرەی لێدوانی کەسوکاری مەھیار سەفەری، ئەم کۆڵبەرە شەوی دووشەممە 27ـی 1ـی 2025، لەکاتی کۆڵبەریدا لە سنووری "ھەنجیران"ـی مەریوان ون ببوو.

مەھیار سەفەری تەمەن 21 ساڵ، خەڵکی شاری کامەران-ی ڕۆژھەڵاتی کوردستان بووە، لەڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو تەرمەکەی دۆزرایەوە، دوای گیان لەدەستدانی لەکاتی کارکردنی لە کۆڵبەری، تەرمەکەی ڕەوانەی

پزیشکی دادی سل□مانی کراو□ و ب□یار□ ت□رم□ک□ی بگواز□ت□و□ ب□ ز□دی خ□ی ل□ □□ژه□□اتی کوردستان.